# تۆپباران و بۆردومانی ناوچە سنوورییەکان لەلایەن تۆپخانەو فرۆکەکانی تورکیا بەتوندی ئیدانەو ریسوا دەکەین

تۆپخانە و فرۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکیا لەچەند رۆژی رابردوو چڕتر لەجاران ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان بۆردومان دەکەن، بەهۆیەوە زەرەر و زیانێکی زۆر بەر ناوچەکانی پشدەر و بناری قەندیل و سیدەکان و گوندەکانی سنووری وەرتێ و قەسرێ و چەندین گوندی دیکەی ناوچە سنوورییەکان کەوتووە، بەهۆی ئەم بۆردومانانەوە چەندین کەس شەهید بوون و سەدان کەسیش لەسەر ماڵ و حاڵیان دەربەدەربوون و ماڵ و گوندەکان خاپوور بوونە، جگە لەزیانی گیانی زیانێکی ماددی زۆریش بەر خەڵکی سڤیلی ئەم ناوچانە کەوتووەو پەشێوی و نائارامی زۆری لە ناوچە سنوورییەکان دروستکردووە.

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە فرۆکەکانی تورکیا کوێرانە بۆردومانی ناوچەکە دەکەن و خەڵکی سڤیل و منداڵ و ئافرەت و پیریش دەکەنە ئامانج، ئەمەش ئەوپەڕی پێشێلکاری سنووری کوردستانە و دژی هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو رێککەوتننامە و پەیماننامەکانی هاوسێیەتی و بەزاندنی سنووری دەوڵەتی دیکەیە.

سەرەڕای ناڕەزایەتی زۆر بەرامبەر ئەو هەموو پێشێلکاری و بۆردومانانە، بەڵام ئارتەشی تورکیا بێ ئەوەی گوێ بەهیچ رێساو یاساو بنەمایەك بدات، رۆژ لەدوای رۆژ هێرشەکانی فراوانتر دەکات، ئەمەیش ئەوە دەردەخات کە ئەم هەموو وادەو لێدوانانەی لێپسراوانی دەوڵەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد تەنیا قسە بوون و رووی دڕندایەتی و شۆڤێنییەتی راستەقینەی خۆیان جارێکی دیکە بەهەموو جیهان نیشاندا، کەتەنیا رێگە چارەی کێشەکان لەسێرەی تفەنگەکانیانەوە دەبینن. دوای جەژنی رەمەزان بەنیازن ئۆپەراسیۆنی عەسکەری زەمینیش دەستپێبکەن، لەبەرامبەردا دەوڵەتی عێراق و ئەمریکا نقەیان لێوەنایەت و هەڵوێستی ناڕەزایەتی و کرداریان بۆ راگرتنی ئەم هێرشانە نییە.

هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران کە پیلانی دژ بە کیان و پێشکەوتنەکانی باشووری کوردستان بەرێوەدەبەن، دەبێ ئەوە بزانن سەردەمی هێرشکردن و رێگە چارەی کێشەکان بەشەڕ نابێت و بەسەر چووە، ئەگەر هاتوو هەوڵە دیپلۆماسییەکان ئاکامیان نەبوو باشووری کوردستان هەروا بێدەنگ نابێت و ناچار دەبێت هەڵوێستی دیکە وەربگرێت. ئەم سنوور بەزاندن و پێشێلکردنەی ناوچە سنوورییەکان زەرەرو زیان بە بەرژەوەندی هەموو لایەك دەگەیەنێت و پێچەوانەی هەموو پرەنسیپەکانی هاوسێیەتی و یاساکانی نێودەوڵەتییە.

ئێمە لە YNDK زۆر بەتوندی ئەم بۆردومان و سنوور بەزاندن و تۆپبارانکردنانە ئیدانە دەکەین و پرسەو سەرەخۆشی لەخۆمان و بنەماڵەی شەهیدەکان دەکەین و هیوای زووچاکبوونەوەیش بۆ بریندارەکان دەخوازین، هەروەها داوا لە حکومەتی کوردستان و عێراقیش دەکەین بەهانای خەڵکە دەربەدەربووەکە بێن و زەرەرو زیانەکانیان قەرەبوو بکەنەوە و ئارامیان بۆ فەراهەمبکەن تاوەکو بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵەکانیان، هەوڵەکان پێویستە لەرێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی زلهێزی وەکو ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپاو رێکخراوە نێودەوڵتییەکان فراوانتر بکرێت تا فشاری زیاتر بخەنە سەر هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا تا هێرشەکانیان رابگرن.

**مەکتەبی سیاسی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانYNDK**

٢٤/ ٨/ ٢٠١١